نابێت دراوسێیەک ڕێگری بکات لە دراوسێکەی: لەوەی بزماری داری بچەقێنێت بە نێو دیوارەکەیدا، ئەبو هورەیرە دەڵێت: ئەوە چییە دەبینم ئەمەتان پێ قبوڵ نییە؟ واللە من بە زۆری لە نێو ئێوەدا بڵاوی دەکەمەوە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی اللە علیە وسلم- دەفەرموێت: «نابێت دراوسێیەک ڕێگری بکات لە دراوسێکەی: لەوەی بزماری داری بچەقێنێت بە نێو دیوارەکەیدا»، ئەبو هورەیرە دەڵێت: ئەوە چییە دەبینم ئەمەتان پێ قبوڵ نییە؟ واللە من بە زۆری لە نێو ئێوەدا بڵاوی دەکەمەوە (ئەم بابەتە). [صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

دراوسێ مافی هەیە بەسەر دراوسێکەی دەبێت ڕەچاویان بکات، پێغەمبەر -صلی اللە علیە وسلم- ڕێنمونێنی کردووە کە مرۆڤ پەیوەندی باشی هەبێت لەگەڵ دراوسێ، وباسی ئەوە دەکات کە جبریل -علیە السلام- بەردەوام ڕێنمونێنی دەکرد سەبارەت بە دراوسێ هەتاوەکو پێی وابوو کە دەیکات بە میراتگریش، ئەمیش بەهۆی مەزنی مافی و واجب بوونی چاکەکاری بەرامبەر، ونابێت دراوسێکان شەڕ وزیان بە یەکتر بگەیەنن بە قسە یان کردەوە، وهەروەها پێویستە مرۆڤ سوور بێت لەسەر سوود گەیاندن بە پێی توانا بە دراوسێ ولابردنی زیان لەسەریان، لەو سوودانەش ئەگەر دراوسێ ویستی دارێک بچەقێنێت بە دیواری دراوسێکەی ئەوا پێویستە ڕێگەی پێبدات ئەگەر دراوسێی دووەم خۆی زیانی بەر دیوارەکەی نەکەوێت، پێویستە دراوسێی خاوەن دیوار ڕوخسەت بدات لەم سوودە کە دراوسێی یەکەم دەیەوێت چونکە پێویستە، وئەگەر زیانی نەبوو بۆ دیوارەکەی وڕێگەی نەدا ئەوا دەبێت فەرمانڕەوا بە زۆر وایلێبکات کە ڕێگا بدات، ئەگەر پێویست نەبوو ئەوا نابێت زیانێک لابدرێت بە زیانێکی وەکو خۆی، بنچینە ئەوەیە نابێت هیچ زیانێک بدرێت لە مسوڵمان ومافەکانی قەدەغەکراون لەسەر هەموو کەسێک؛ مەگەر بە ڕوخسەتی خۆی نەبێت، کاتێک ئەبو هورەیرە -ڕەزای خوای لێبێت- مەبەستی شەریعەتی زانی لەم سونەتە، نکۆڵی لە خەڵکی کرد بەهۆی ئەوەی کاری پێناکەن، وپەیمانیدا بەوەی ناچاریان بکات بە پابەند بوون بەم سونەتەوە، چونکە دراوسێ مافی زۆری هەیە کە خوای گەورە واجبی کردووە وپێویستە مرۆڤ جێبەجێیان بکات، وزانایان کۆکن لەسەر قەدەغەکردنی چەقاندنی دار بە نێو دیواری دراوسێدا ئەگەر تووشی زیانی بکات مەگەر بە ڕوخسەتی خۆی نەبێت، پێغەمبەر -صلی اللە علیە وسلم- دەفەرموێت: (لا ضرر ولا ضرار) واتە: (زیان وزیانلێدان نابێت هەبێت جا بە ئەنقەست یان بە نائەنقەست بێت).

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6094